

# یادێک لەگەڕەکی خامۆشان



حوسێن مستەفا
husein_mstafa@yahoo.com

## نامەی دووەم

بەناوی خوداو سلاوی خودات لێ بێت ئاوارە گیان، وا ئەم نامەیەشت وەك تەواوكەری نامەی پێشوو بۆ دەنێرم، بەهیوام وەك نامەكەی پێشوو سەرچیخ نەچمو هەڵەی تێ نەكەون، خودا یەكەو نابێ بەدوو لەنامەی پێشوودا ئەمن دەمەویست بە یادەوەری رابردوو مردووان وەژینمەوە، كەچی نائاگا زیندووم مراندوون، ئەمن گوتم زەینم كوێرە با كەس لێم نەگرێ بروات نەدەكرد، ئەدی ئەوە نییە دوو ئازیزی زۆر خۆشەویستو دۆستی نزیكی خانەوادەكەمانم بە مردوو داونەتە قەڵەم، كەچی هێشتان وا لەژێر لێفە شرەدا رۆژان دەژمێرن، ئەویش مام ئاغەی دەروێش رەشیدو پلكە عەیشێ مەلاوسوون، رەنگە تۆ لەوێوە بلێی پەكوو لەوێ عەلامەتێ، بەلام براكەم ئەمە ئەگەر دەلالەتێكی هەبێ ئەوا هەر ئەوە ئەگەیەنێ كە سەرقاڵیی بە ژیانی كوڵەمەرگیو گیانپرووكێن، كە دونیای لێ كردووین بە چەرمی چۆلەكە، دۆستو ئازیزانی لەیەكتر بێ ئاگا كردووە، بۆیە لێرە تا بەرقاپی دەرگای ماڵی ئەوان داوای بوردنو تەمەنی درێژو لەشی ساغیان بۆ دەخوازمو دەستەكانیان ماچ دەكەم، هەروەك چۆن زۆر داوای لێبوردن لەكەسو كارە ئازیزەكانیان دەكەم، گرنگ ئەوەیە كە من لە نیهادی پاكەوە ئەوانم بەسەر كردۆتەوە، هەروەها ئەو زەینە كوێرەم لە هەورازە ركەكەی مام سمایلی دامێنی چۆمی فەقیانی ماڵە خاڵوانم، بەهەڵەی دابردوومو نووسیبووم هەورازی مام خدر، وەی لەوێ سەمەرێ، ئێستاش نازانم سمایل بۆ بوو بە خدر!

هاورێی چاوشاركانێو كێلە بەردانێی منداڵیم، ئاوارە، لە نامەی پێشوودا باسی سەید برایمم بۆ كردبووی، ئەدی نازانی لەدوای ئەو، ئەندامەكانی دائیرە بە مام حەسەن رێزانییان دەگوت دەبێ ئەتو جێی مدیری بگریەوە، بەلام ئەو دەهریو توورە دەبوو، وایدەزانی هەر بەراست لەجێی ئەوی دادەنێنو دەبێتە مدیری كەران. مام زراری كەرەكیشت لەبەر چاوە، پیاوێكی نەرمو سەنگین بوو، ئێستا ماڵو منداڵی لەوێ لە نزیك تۆ دەژین، نازانم ئاگاتان لەیەكترە یان نا؟. ئەدی پلكە بووكت وەبیرە، دایكی ئەو محەرەمەی كە سەرەرای كارو روخسارو گوفتارە كۆمیدەكانی، كەچی یەكێكە لە بەدبەختترین مەخلوقەكانی خودا و پێشان چۆنت دیبوو ئێستاش پەرپووتترو نالەبارترە لەجاران، هەر نەبێ پێشان تاخمەی لە زاری دابوو، بەلام چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە بەفرێ هەدەخلیسكێو تاخمە ددانەكەی دە زاریدا دەشكێ، تازەش بەو گیرفانی بەتاڵە ئەستەمە بتوانێ بە رادانیان بداتەوە. ناوی مەحمود پەرۆشت بیستبوو وانییە؟ دەیانگوت شەوان خۆی دەپێچاو كەلو پەلو دانەوێلەی بۆ هەژاران دەبردە ماڵێو دەگەراوە بێ ئەوەی كەس بیناسێ، ئەرێ ئەورۆ كەسی وەك ئەوت پێ شك دێت هەبێ!. ئەدی مام ئەحمەد شینكەڵە، كێ هەیە لەبیری بچێ، ئەو پیاوەی رۆژهەلاتی كوردستان، كە خۆیو خانەوادەكەی هاتبووە رواندزو كەس نەیدەناسی، هاتو شرە دوكانێكی داناو دەستەجلێكی شینی پۆشی، بەدبەختە نەیزانی ئەو قاتە شینەی لێ دەبێ بە حیكایەتی رۆستەمو دوای مردنیشی لێی نابێتەوە، ئەگەر كەسێكیان ناردبایە لای دەیانگوت بچۆ لای مام شینكەڵەی فلانە شتەی بكرە، چونكە كەس ناوی نەدەزانی، ئیدی شینكەڵە بوو بە ناسناوی ئەوەلو ئاخری ئەوو هەرچەندە دواتر سەوزو سوورو رەشی پۆشی دادی نەداو شینكەڵەی وەك قیرو بنیشت پێوە نوساو ئێستاشی لەگەڵدابێ منداڵەكانی لەو دیویشن، بەلام هەر بەم ناسناوە دەناسرێنەوە، لەبیریشت نەچێ ئەوان لێرە زۆر خۆشەویست بوونو كەسیش بەچاوی بیانی تەماشای نەدەكردن. ئەدی حاجی ئەلیاس كە بێ فەرقو جودا بە ئاوازە تایبەتیەكەی خۆی بۆ هەموو مردوویێك قورئانی دەخوێندو هی دیكەش بۆ ئەویان خوێند، ئەوەیە سووری دەوران.

هاورێی غوربەتو حوزنو جەفا، برای دوورە ولاتم ئاوارە، كەم نین ئەوانەی حەسرەتی دیداری منداڵەكانیان بردۆتە ژێر تابووتی بەرد، تەنانەت هی وا هەبوو ئومێدی یەعقوبیشی بۆ دیداری یوسف بە نسیب نەبوو، وەك عەلی گاور بۆ حەسەنی كوری كە لە رەشبگیریەكەی شاردا ئەنفال كرا، هەروەها سەعید رەزاقی دەرگەڵەیی بۆ وریای كوری، مام ئەسعەدیش هەر بە مەرەدی ئەوانی پێش خۆی بۆ سەلیمی كوری، كەریم فەرەج بۆ نالێی، ئەو پیاوە شارەزووریەی ساڵەها بوو كەوتبووە رواندزو هەر لێرەش بەحەسرەتی ستاری كوری كە شوونبزر كرا، سەری نایەوە.

كاكە گیان وەختێ ئەم چەند بیرەوەریەت بۆ دەنووسمەوە، زۆر ناوی دیكەم وەبیرن، پەیتا پەیتاش هی دیكەم دێنەوە بیر، بەلام لێم مەعلوومە دیسان زۆرێك لەوانەی كە نابێ لەبیریان بكەم، وەبیرم نابنو رەنگە ناوی هەندێكیان نەكەونە نێو ئەو نامەیە، بۆ نامەیەكی دیكەش هەر خودا باقیەو نازانم داخۆ تا ئەو كات منو تۆش دەكەوینە نێو بیرەوەری خەڵكی دی یان زیندوو دەمێنین، با ئیسماعیل حەمیدت بێنمەوە یاد، ئەو گەنجە قۆزەی كە لە دوا قۆناغی زانكۆدا بوو، ئومێدی پاشەرۆژێكی رۆشنی لێدەكرا، بەلام خۆبژێوی سەربەرزانە ئەوی راكێشایە سەر سنوورو هەر لەوێ خۆیو مەلا عەلی فەقیانی هاوسەفەری، بەدەست چەتەو رێگرەكان شەهید كران. حاجی سلێمانی ئاكۆییشت دیبوو برا؟ پیاوێك بوو ناسرابوو بە هەقو رەقی. ئەدی محەمەدی قادراغا، كەسێك بوو كەشخەو زەوقیو شۆخی باز، حەیرانبێژێكی دەنگ خۆشو شارەزا، ئەوەی بیناسیبوایە حەتمەن خۆشی دەویست. نەبیە درێژیشت باش دەناسی، ئەها لە شاییو هەڵپەركێدا هەم چۆپی دەكێشاو هەم بەستەو نزمی شایی دەگوت. خار عەبۆش وەك ئەو ئەهلی زەوقو شادی بوو، رۆژێ لە شاییو داوەتان، شەوانیش كورگەلی ئاوایی لێی كۆ دەبوونەوەو بەزمی یاریو گۆرانیان گەرم دەكرد. ئەدی مامە سۆر، ئەو پیرەمێردە بەریئو پاكە، بتناسیبوایەو نەتناسیبوایە، بیناسیبوایو نەیناسیبوای خۆشی دەویستیو خۆشت دەویست، ئەوەیە سری مرۆڤو خۆشەویستی. پلكە حەبیبێ شینی بۆ نالێی، لەنێو كچان كچو لەنێو ژنان ژن، لەنێو پیاوانیش پیاوێك بوو ناوی حەبیبە، قسەخۆشو بوێر، لە كارو باریشدا هیچی دەبەر پیاوان دانەبوو. سۆراغیشت لە محەمەدی حوسێنی فریادی نەزانی! ئەو لەودیو قەلاتێ شۆشێ درایە بەر دەستڕێژو شەهید كرا.

ئەرێ بەراست تا لەبیرم نەچووە، وەبیرت دێ كە حەمە پێپانت دەدی تێتدەتەقاندو هەڵدەهاتی، هەر لەبەر ئەوەی سونەتی كردبووی، چما هەر ئەتو وابووی كورە، زۆربەی كورانی ئەو دەوروبەرە ئەوە حاڵیان بوو. ئەدی سمۆ كۆریشت نایەتەوە بیر، كە بێ خوێندنو شەهادە ببووە دكتۆری بەیتارو تا ئەو هەبوایە، شوان مێگەلەكان ناچوون بەدوای دكتۆرەكانی دی، ئاخر ئەو چۆن لە كارەكانی مەعلان ببوو، بە گفتو لفتیش شۆخی بازو نوكتەچی بوو. ئەرێ بەراست عەلی عەجەم هەر بەراست عەجەم بوو یان كوردی ئەو دیو؟ تازە هەر كامیان بووبێ بوو بە خاوەن ماڵو میراتگری رواندزیانو لەبیر ناچێتەوە. ئەدی مام رەفیقی خەیات، ئەو پیاوە سەر سپییە دەستڕەنگینەی زۆر دەمێك بوو لە ولاتی كۆیێ هەڵقەنا بوونو لێرە گیرسابوونەوە. خۆ مام عوسمانی بەلەدیەشت دیبوو؟ بەژن باریكێكی شووش، ئەمما مەحبوبو بەرێز. بێ شك ئەكرەم حەیدەریشت لەپێش چاوە، ئەها ئەوان ماڵیان لە گەرەكێ ژێریو لەسەر لێواری خەرەند بوو. حوسێنە شلی نانەواو سەیدە رەشت وەبیرن، ئەمیان نانەوایەكی ناسراوو ئەویان راوكەرو كەوباز. ئەدی سۆفی عەبۆی بانگبێژی تەكیەی سافی هیرانی، ئێستاش سەدای

لە گوێمان زرینگەی دێ. وەبیرشـــت دێ وەختێ دەروێشەکانی ناوچەکە دەهاتنە رواندزو زەرگەیان لەخۆ دەداو شـــیریان لە سکیان دەسمیو شووشەیان دەکرۆشت، دەروێش خدری پینـــەدۆز رێنمایی دەدانێو شـــەوانیش هەر لە ماڵی ئەوانەوە بە دەف کوتانو ســـردووی سۆفیگەری حەڵقەی زیکریان دەکێشا.

عەلی عەولا نورەی حەتمەن دەناســـی، ئەوان دەمێك بوو لە بناری بارزینی باڵەكایەتی هاتبوونە خوارێو لێرە گیرســـابوونەوە، تەواوی خانەوادەکەشیان بە قسەخۆش ناودێرن، وەلێ عـــەلی لەرێی هەولـــێرێ ئوتومبێلەکـــەی وەرگەڕاو تەمەنی درێژی بـــۆ منداڵەکانی بەجێهێشت.

رەنگبێ پێت خۆش بێ باســـی یەك بە یەكو بســـت بە بستی شوێنەکانیشت بۆ بکەم، ناهەقـــت ناگـــرم دەزانم برینی غوربەت چەنـــد بەژانە، وەلێ گۆڕانێکی ئەوتۆ بەســـەر مەملەکەتـــدا نەهاتـــووە، هەندێکیانم لە نامەکەی پێشـــووتردا بەتایبەتی ســـەبارەت بە پڕۆژەکان بۆ باس کردبووی، ئەوەی ماویشە مێگر چۆنت دیبوو هەر وەك خۆیەتی، گەری شـــێخ ســـەیدیش هەروەها، ئەوە نەبێ جادەیەکی خۆڵ بۆ کەرەكو هەم بۆ بنەکاولیش بردراوە، ئەو کۆنە رێیەی دەچووە سێوەکانیش چۆنت دیبوو هەر ئەوە، وەلێ قوتابخانەو بنکەی تەندروســـتی لە ئاکۆیانو گەرەوانی ژێری دەمێکە دروست کراون، ئەمما حەیفو مخابـــن گونـــدە بێنازەکانی دیکەی دۆڵی ئاکۆیان بینای قوتابخانەیـــان قوڕو بەردو جارێ باسێکیش لە خزمەتگوزاریەکانی دیکە نییە.

بێینەوە ســـەر باســـی خزمان، حاجی مەحمودی ســـەرانەییو خار یاســـینی کوڕیشت دیبوون، چەندە بە خزماییو دۆستایەتی بوون؟ ئەدی حاجی تایەرە رەشی، وەکی دەهاتە بازاڕی، خەڵکی بە زەوقو خرۆش دەخست. سەید عەولا بۆری بنەکاولیشت دەناسی، ئەو چوار هاورێی هەبوونو بەس، راوو رەزو مێشەهەنگو تووتن، هەرسێ هاورێی بە لایەك، نازانی تووتن چ فەتەڕاتی پێکردو چۆن چۆنی پشـــتی لە عەرزی دا، هێشـــتاش بە کارتە تووتنێـــك نەدەهاتە بەرو پێی خـــۆش نەبوو لەبەر دڵی بخـــەن، تەنانەت دکتۆرەکانیش نەیانتوانی پێی بسەلمێنن کە ئەوە دۆستی نییەو دوژمنە. سەید عومەری سەید نەبیشت دیبـــوو یان نا، ئەو پیاوە چوارشـــانو کەڵەگەتە، زەبرو ئەشـــکەنجەی زیندانێ خەشـــی دە جەرگو هەناوی نا و هەر بەو خەشو برینەشـــەوە ســـەری نایەوە. ســـەید جەلالو سەید جەلیلیشت دەناسین؟ یەکەمیان شـــەهیدو دووەمیشیان هەردوو گورچیلەی لەکار وەستانو زۆر بە هەژمەتەوە ئەویشیان لەگەڵ خۆیان وەستاند.

هێی هێی ئاوارە، وەبیرت دێ چەندە منداڵی بزۆز بووینو تۆتکەمان نەدەدا، بە قرچەی گەرما لەناو لەیلووکەکانی گەردەگەردێ چاوشارکانێو پەلیکانێو کێلەبەردانێمان دەکرد، ئێوارنیش کاتی تاوپەڕان بە سەرو پۆتەلاکی تۆزاویو پێلاوی دڕاوو قاچو قوڵی قرێژاوی بەرەو ماڵ دەبووینەوە، هەر ئێســـتا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، نێو ئەوان قەبرانیان هەڵکۆڵیـــوەو یاریگای چیمەنی لێ دروســـت دەکەن، وەلێ هێشـــتان ئەوێ بۆنی ســـەعید عالکۆنو عەبدوڵلای کاکەحمەدیو حەسەن گۆرانو زابت رەشیدو حمەدە کەڕیو عەولا گۆجو حاجی حەسەنو حمەدەمینی سۆڕێو زلێخای جەرجیسی بەرنەداوە.

نازانم نیزامی عەســـکەری لەوێ لـــە وڵاتی غەیرە دینان چـــۆن چۆنییەکە، وەلێ لێرە تـــا بڵێی دژوار بوو کاکە، تەنانەت کەســـێکی وەك فەقێ شـــێتی حاجـــی عوبێدی دەقی بە رۆیشـــتنو ســـلاوی سەربازی گرتبوو، هەتا شـــۆڕی نێو گۆڕیشیان کردەوە ئەو دەقەی نەشکا.

ئـــەرێ مـــام محەمـــەد زێندینت دیبوو یـــان نـــا، پیرەمێردێکی بەتەمـــەن، ئەمما بەو پیرییـــەش هەســـتی کوردایەتـــی وەك گەنجـــە خوێـــن گەرمەکان بـــوو، ئـــەوە نییە لە راپەرینەکەی هەشتاو حەوتی شاردا بە برنەوێکی وەك خۆی پیر، لەگەڵ پۆلێك هاوڵاتی دیدا هەڵیکوتایە ســـەر مەنزوومەی بەعسو هەر لەوێ بوو بە رەمزو سمبولی راپەڕین. وەستایەکی دیکەی شکستەو دەماریشت بێنمەوە یاد؟ رەنگە محەمەد حەسەن گەرەوەیی بناسیەوە، ئەها ماڵیان لەوبەری قەسابخانە بوو، هاتەوە بیرت وانییە؟. حاجی محەمەدی ئاوکوتیشت دەناسی، کەسێکی سادەو غەریبو بێ زەڕو خاکی، ماڵیان لە هەورازە رکەکەی گەردەگەردێ بوو، بەســـەر بازاریدا دەروانی. خۆ رەحمانە شێتیشت وەبیرە، کە بەردەوام دەیگوت "شووشەم دە گەروێ عاسێ بووە" و ئەوەی لێ ببوو بە نەخۆشی دەروونیو تا ژیا ئەو شووشەیەی لەبیر نەچوو.

ئـــاوارە بـــرا، ئەمن وەك خـــەون حاجی وســـووی فەقیانیـــم وەبیرە، نـــازانم ئەتۆش دێتـــەوە پێش چـــاوت یان نا. بەلام خار مەدۆم زۆر باش وەبیرەو هەر ئێســـتا لە ژوورە تەنگەبەرەکەی ئەو دونیا لاقی لێ راکێشاون.

کاکە گیان لێرە بووی یان رۆیشـــتبووی بـــاش نایەتەوە بیرم ئەو دەمەی عەبدولقادری وەســـتا بەکـــرو دلاوەری حمەدەمینی فەقێ حەســـەنی کە لە ســـێبەری رژێـــم هەڵهاتن، کەچی مەرگ لەبن ســـێبەری خۆینانو لە کوێستانەکانی سەر سنوور لە بەفرێدا خنکان.

فەرمانی ئەحمەد جبوریشـــت باش دەناسی، ئەو وەرزشکارێکی دیاری نێو گۆرەپانی یاری تۆپی پێو ناوبژیوانێکی شـــارەزاو سەرراســـتیش بوو، بەلام متمانەت نەبێ، نەخۆشـــیو ئەجەل زەفەر بە وەرزشـــوانانیش دەبات. ئەحمـــەدی خانێش بۆ راو چوو، کەچی خۆی بوو بە نێچیری مەرگو بە ئوتومبێلەوە هەڵدێرا. شـــێرۆش لە راوە ماسیداو لە رووباری گەلی عەلی بەگ کەس نازانێ چۆن کەوتە رووبارو خنکا، هەر لە ماسیگران سەلام بەسێت دەناســـی، ئەویش هەر کوری گەرەکەکەمان بوو، بەلام نەخۆشـــییەکی کوشندە گیانی لێ ستاندەوە. سەید شاکریش نموونەی باوکێکی دڵسۆزو خۆشەویستی جگەر گۆشەکانی بوو، ئەوە نییە کاتێ گەشـــاوی کچی لە گەشـــتێکی دەم رووباری بادینان لەنێو ئاودا دەخنکێ، ئەویـــش هەر هەمان لەحزە ســـەکتە لێی دەداو بۆ هەتا هەتایـــە لەگەڵ کچە جوانەکەی دەســـت لە مل یەکدی دەکەن. دلشاد عەلی گەرەوەییشـــت دێتە پێش چاو! گۆڵچی تۆپی پێ بوو، وەلێ دیتت گۆرەپانی یاری جێهێلا و گۆرەپانی خەباتو شۆرشـــی هەڵبژارد، هەر لەوێش لە هەڵمەتی پێشـــمەرگایەتی گیانی بەخشی، دوایین گەنجیش کە بیناسی زاهیری باپیر کۆکەشـــی بوو، کە لە ســـەرەتای ئەم مانگی رەمەزانە لە موســـڵ لەگەڵ دوو هاوەڵی دیکەی بە دەستی تیرۆریستان شەهید کرا.

ئاوارە گیان، زۆرێك لەو برادەرانەی نامەی پێشـــوویان خوێندبووەوە، ســـەرەرای وردە تێبینیەکانیان، بەلام دڵگەرمیان کردم کە نامەی دووەمیشت بۆ بنووسمو هەواڵی هەرچی ئەوانـــەی دێنـــەوە یادم بۆت بنێرم، دەڵێن دڵی دەروێش هەر بە خەیاڵی حۆری بەهەشـــت لێ دەدات، وەلێ هـــاورێ دڵی ئێمەمانانیـــش لە خەیاڵی خۆشەویســـتو ئازیزان دایەو تازە مەگەر لە دیداری قیامەتێ بەیەکدی شـــادو کامەران ببینەوە، دەنا نێوانی ئێمەو ئەوان بەژنێك خۆڵە، وەلێ ئێمەی زیندوو هێشـــتا دەرفەتی ئەوەمان لەپێشە یادی خزمانی ئەو دیو بکەینەوە، وا چاکیشە مرۆڤ بەر لەوەی بەردی حەسرەتو پەشیمانی لە چۆکان بداو گومناو ببێ، وەفایەك دەرهەق ئەوانە بنوێنێ کە مستـــەهەقو شایســـتەی یادکردنەوەن، ئاخر ئەوان پارچەیەك زێر بوونو ژەنگیان هەڵنەدەهێنا.

هـــاورێ، دەزانی برایەتیو دۆســـتایەتی رابـــردوو، بێ مەرایـــیو حەقیقی بوو، نەك مەجـــازی، ئەگەرچی بە زگێك تێرو بە دووانیش برســـی بوویـــن، وەلێ ژیان لەگەڵ ئەو خەڵکـــە خۆش مەعشـــەرە، رۆژانی سەختیشـــی هەر جـــەژن بوون، بۆیەشـــە ئێمە وەها گرێـــدراوی باوانو تەمەنی رابـــردووی خۆمانو ئەوانین، ئەوانەش کـــە رابردن، بەرەو لووتکەکان هەڵکشـــان، بەلام لە کەل ئاوا نابنو وەك ئەســـتێرەی گەلاوێژ تیشکان داوێن، ئێمەمانانیش ئەگەر لەدارەتی دونیایێ سەرمایەیەکمان نەبوو، بەلام ئۆخەی کە لە ژیان لەگەڵ ئەواندا پشکێکمان پێبڕاو تا ئەوێ رۆژێ کە نەفخی سوور لێدەدرێ دڵی خۆمانیان پێ دەدەینەوەو چاوەکانمانیان پێ رۆشن دەکەینەوەو برێ جاریش گۆناکانمان بە نەرمە فرمێســـکان تـــەر دەکەین، دەنا چیدیکـــە هەیە دڵی خۆمانی پێ خـــۆش بکەین! بۆخۆت دەزانی دەورانی مناڵیمان مەرگەســـاتو کۆســـتباربوون بوو، تافی لاویشـــمان بگرەو راکە راکە، ناشزانین داخۆ ئاقیبەتی عومریشمان بەخێر دەگوزەرێ یان نا، هەر پەنا بە خوا.

بـــرای بەرێز، رەنگبێ کەســـانێك کە ئەم نامەیان بەرچاو دەکـــەوێ، گلەو گازندانم لێ بکەن، ئەگەر باســـی کەســـێکی بەرێزو ئازیزی ئەوانم نەکردبێ، بە نیازی ئەنقەســـتەوە نەبـــووە، لەگـــەڵ هێندێـــش گازندەیـــان لەبان چاوان، بـــەلام خۆ من زوو گـــوتم زەینم هاوکارێکی باشـــم نییەو هەمووانم هەر ناهێنێتەوە بیر، تەنانەت رەنگبێ کەســـی نزیکی خۆشـــم وەبیر نەهێن، دیارە هەر کەســـێکی دیکەش سەربردەو یادەوەری رابردووان باس بکا، کامیانی باش ناســـیوە دەچێتە ســـەر ئەوانو هەندێکیشـــی هەر لە زەینێدا سەرپەر دەبن، لەگەڵ هەندێش ئەوەی نووســـیومە ئەگەر باش بوو سلاو لە حازریان، خۆ ئەگەر لەبەر دلانیش نییە، وەك کورد دەڵـێ" ماڵی قەڵپ ســـەر وە ســـاحێبی"، بەلام خۆشە کە هەمـــووان بزانن ئەوە تەنها خاڵێکە لە خەرواریێكو دەفتەری ژیان زۆری دیکەی تێدایە، منیش نەبم یەکێکی دیو دەیانی دی لاپەرەکانی هەڵدەدەنەوە.

تا ئێرە با بەس بێو چیدیکە ســـەرت نەهێشێنم برا، لەنێو چەرمەسەرییو غوربەتدا بە خوات دەسپێرمو دوعات بۆ دەکەم لە بەلای ناگەهان بەدوور بی.

تێبینی:

- وێرای راســـتکردنەوەی نـــاوی ئەو دووبەرێزەی لە پێشـــەکیەکەدا باســـم کردوون، هەمـــوو ئەوانـــی تر کە لەم یادەوەریـــەدا ناویان هاتووە، جگە لە "محەرەم" ئێســـتا لەو دونیا دایانکوتاوەو چاوەڕوانی ئێمەمانانن، خوا بەهەشـــتیان وێداتەوەو لەژێر ســـێبەری خۆیان بگرێ.

- هەموو ئەوانە، لای منو لای خەڵکیش رێزدارو خۆشەویســـت بوون، هەر لەبەر ئەو رێزو خۆشەویستیەشـــە بەســـەر کراونەتەوە، هەم لە خۆشەویستیەوە هەمیش بۆ باشتر ناسینەوەیان ناســـناوەکانیانم نووســـیوە، لەگەڵ هەندێش زۆر داوای لێبوردن لە رەوانی شـــادی ئەوانو کـــەسو کارە بەرێزەکانیان دەکەم، بەڵکو بە جوانـــیو دلفراوانی خۆیان بمبەخشن..